# خـەڵکی کـوردستان بە گیان و مـــــ

هێزەکانی پێشـــمەرگە ئەو سنوورە دوور و درێژەی هەرێمی کوردســـتان کە بە دوژمنانی تیرۆریست تەنراوە، بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە دەپارێزن و بەردەوام هێرشە شکستخواردووەکانی دوژمن تێکدەشکێنن و ناهێڵن لە خاکی پیرۆزی کوردستان نزیك ببنەوە. بۆیە هاووڵاتییان جەخت لەوە دەکەنەوە کە وڵاتەکەیان لەسایەی قارەمانێتی پێشمەگەردا پارێزراوە و ئارامە.

ســـنوورەکانی ڕۆژئاوای باشووری وڵات تا کەرکووکی دڵی کوردســـتان، پارێزراوە و تەنانەت ڕۆژانە دەرهاوێشتەی دوژمن دەکەن، کاتێك دوژمنان دەیانەوێ پیلانێك لە دژی کوردستان دابڕێژن.

پێشـــمەرگە لە ناو دڵی خەڵکی کوردســـتاندایە و بارزانی نەمر هەردەم خۆشەویستیی ئەو هێزە بەتوانایە وێردی زمانی بووە و شـــانازی بە پێشمەرگە و کوردستانەوە کردووە. ئێستاش سەرۆکی کوردســـتان پێشمەرگەی لە سەرووی هەموو شتێکەوە داناوە.

لە دوای پەلامارەکانی دەوڵەتی ئیســـلامی ناســـراو بە داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە پێشمەرگە بوو کە جارێکی



# ـــاڵ پشتیوانی لە پێشمەرگە دەکەن

دیکە سەروەرییەکانی کوردی دووپات کردەوە.
پێشـــمەرگە و خەڵکی کوردســـتان دوو هێزی لە بن نەهاتوون، لە ڕۆژانی بەرگریشـــدا ڕۆژانە خەڵکی کوردستان بە هەست و جۆشـــەوە بە ماڵ و گیانەوە هاوســـۆزی خۆیان بۆ پێشـــمەرگە دووبارە دەکەنەوە و سەردانی ســـەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکەن. زۆربەی کوردستانییان ئامادەن خۆبەخشانە بچنە ریزی پێشمەرگە و شەڕ لەگەڵ دوژمن بکەن، هەندێکی دیکەش بـــە ئامادەکردنی خوان و خواردەمەنییەکان خزمەتی پێشـــمەرگە دەکەن، تا ڕۆڵەکانی وڵات بـــە ورەی بەرزەوە داکۆکی لە کوردستانی شیرین بکەن.
لەم ژمارەیەدا میحوەری مەخموور و قەراجمان بەســـەر کردەوە، کە هێزی پێشـــمەرگە بە ورەیەکی بەرز و دەســـت و بازووی پۆڵایینەوە لە ســـەنگەرەکاندا وەك شـــاخێکی پتەو و ریشەدار وەستاون، لەلایەکی دیکەشـــەوە پشتگیری هاووڵاتییان زیاتر سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان ئاوەدان کردۆتەوە.








# دەزگای خێرخوازی بارزانی خزمەتی پێشمەرگە دەکات

دەزگای خێرخــوازی بارزانی وەك دەزگایەكی ســەربەخۆ، هــەردەم هاوكاری ئەو كەســانەی كردووە كە پێویســتیان بــە یارمەتی بووە، ئێســتاش ئــەو دەزگایە لــە خزمەت پێشمەرگەدایە و بە هاوكاری وەزارەتی پێشمەرگە و یەكێتی ئافرەتانی كوردســتان، ڕۆژانە خــوان و خواردنی خۆش بۆ پێشمەرگەكانی سەنگەر و بەرەكانی شەڕ ئامادە دەكەن، تا پێشمەرگەكان نۆشی گیانیان بكەن. ئەوان ڕۆژانە نزیكەی (٤٠٠٠) جێگــە خواردن ئامادە دەكەن و بۆ ســنوورەكانی (گوێــر، مەخموور، قەراج و خازری) دەنێرن، وێڕای ئەوەی چەندین خزمەتی دیكەش بۆ پێشمەرگە ئامادە دەكەن، وەك ئاوی سارد و ســەوزە و میوە و پێداویستی ڕۆژانە. ڕۆڵی یەكێتــی ئافرەتانیش لەگەڵ ئەو دەزگایــەدا زۆر بەنرخە، چونكە ڕۆژانە خانمانی ئەو ڕێكخراوە خۆبەخشانە سەرقاڵی ئامادەكردنی چێشــتی خۆش و بە تامن بۆ هەردوو ژەمی نیوەڕۆ و ئێوارەی پێشــمەرگەكان، كاتێك كە خواردن ئامادە دەبێ، بۆ سەنگەرەكانی پێشــمەرگەی دەنێرن. بڕیاریشیان داوە تا پێشمەرگە لە بەرەكانی جەنگ و سەنگەردا بن، لەو كارە بەردەوام بن.



# خوانی خەڵک هەر بۆ پێشمەرگەیە



کاتێك سەرقاڵی ئامادەکردنی راپۆرت بووین لەسەر رەوشی پێشمەرگە لە مەخموور، پیاوێك بە هەست و دڵەوە و بە دوو ئوتۆمبێل گەیشتە ناو پێشمەرگە، بانگی هەمووانی کرد کە خواردنی خۆشی بۆ پێشمەرگە هێناوە تا نۆشی بکەن. ئەو پیاوە کە ناوی (سەبوور ستار) بوو، گوتی: راستە ئێمە هەموو شەڕ ناکەین، بەڵام خۆ دەتوانین بە شێوەی جۆراوجۆر هاوکاری برا پێشمەرگەکانمان بکەین، ئەورۆش ئەوەی لە دەستمدا بوو، خواردنم بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان هێناوە و پێشکەشیان دەکەم. بەهیوام بە دڵێکی فراوان لێمی وەربگرن، کە وەك ئەرکێکی سەرشانم بەو کارە هەستاوم.



غەریب مەحێدین ئەمین سوڵتان دەڵێت: رۆژێکیان لە ماڵ بووم و نانم دەخوارد، هەستم بەوە کرد، لەوانەیە پێشمەرگەیەك برسی بێت، هەر ئەو رۆژە هەستام بە ئامادەکردنی خوانێکی خۆش بۆ پێشمەرگەی خۆشەویست، کە بۆ نزیکەی (٢٥٠) کەس خواردنم ئامادە کرد و بە شانازییەوە رەوانەی سەنگەرەکانی پێشمەرگەم کرد، چونکە پێشمەرگە لە خەمی پاراستنی خاکی کوردستانە، منیش دەبێ بە دڵ و بە گیان و بە ماڵم خزمەتیان بکەم و دەبێت هەموومان هاوکاریان بین.



عەلی مەغدید شێخە، خاوەن کێڵگەی پەلەوەری مریشکە، ئەویش گوتی: ئەگەرچی هیچ مووچەیەکم نییە، بەڵام لەو ساتە ناسکەدا کە ویژدانم قبووڵی نەکرد دوژمن هێرش بکاتە سەر کوردستانەکەم، کە پێشمەرگەی قارەمان بەرگریمان لێدەکەن و خۆیان لە سەنگەری دوژمن چەقاندووە و ناهێڵن لێمان نزیك ببن، منیش وەك دیارییەك بۆ پێشمەرگە، ئەوەی لە توانامدا هەبێ خوان و خواردنم بۆیان کردووە، تا ئێستا (٣ تا ٤) جار بە خواردن خزمەتی پێشمەرگەم کردووە، چونکە ویژدانم قبوڵ ناکات، پێشمەرگە بە گیان بەرگریمان لێ بکەن و ئێمەش دەستەوەستان بین.

# لیزا دەبێتە پێشمەرگەدا

■ لیزا فەلەکەدین، وەك کچێکی کورد و بۆ پاڵپشتی و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە جلی پێشمەرگە لەبەر دەکات. وەك پەیامێکیش بۆ پشتیوانی ئەو هێزەو دەربڕینی هەستی نەتەواوایەتی دەڵێت: منیش وەك کچی پێشمەرگەیەك زۆر باش درك بە ژیان و مەینەتەکانی خێزانی پێشمەرگەکان دەکەم و هەمیشە ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتم بۆ براپێشمەرگەکان و خێزانەکانیان هەبووە و هەیە. دەمویست بە پۆشینی جلی پێشمەرگە دوو پەیام بگەیەنم، یەکەمیان بۆ ئەوەی براپێشمەرگەکانمان لەوە ئاگادار بن کەوا ڕاستە ئێمە لێیان دوورین، بەڵام بە بەردەوامی ئەوان لە دڵ و هزری ئێمەدان و ئێمەش بە ڕۆح لەگەڵیاندایین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین. پەیامی دووەمم بۆ ئەوە بوو کەوا ئامادەیی خۆم پێشان بدەم بۆ هەر جۆرە خزمەتێك، جا ئەگەر پێویست بێت بە چوونم بۆ سەنگەریش، یان هەر ئەرکێکی تر، ئەوا بە شانازی و بەبێ دوودڵی قبووڵی دەکەم و ئێستاش هەموو کەل و پەلە سەربازییەکانم ئامادە کردووەو گەر پێویست بێت ئیتر قەڵەمەکەم دادەنێم و لەبڕی ئەوە، وەکو ژنێکی کورد لە پێناو پاراستنی خاکی نیشتمانەکەم چەك بەدەست دەبم و ڕۆڵی پێشمەرگەیەکی جەنگاوەر دەگێڕم.

لیزا فەلەکەدین زیاتر گوتی: ئێمە نەتەوەیەکین ناومان کوردە و خاوەن هێزێکی بەرگری تایبەتین کەوا ناوی پێشمەرگەیە و ئەمەش تایبەتمەندییەکی جیهانییە و ئێمەش وەکو تاکی ئەم نیشتمانە دەبێت شانازی بە تایبەتمەندی و دەسکەوتەکانمان بکەین و ڕێزیان لێ بگرین.

لیزا ڕوو دەکاتە هەموو ئافرەتانی کوردستان و ئاماژە بەوەدەکات کە ئەمڕۆ لەم قۆناغەدا ڕۆڵی ئافرەتانی کورد زۆر گرنگە، ئێستا دەبێت ژنانمان لە ڕووی چالاکی و کارەکانیانەوە هەوڵبدەن ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە کەوا بەهۆی چوونی پیاوانمانەوە بۆ سەنگەرەکان لە پێناو بەرگریکردن و ئەنجامدانی ئەرکی پێشمەرگەیی و سەربازی دروست بوون. هەر لەبەر ئەوەش ژنانیش بەهەموو شێوەیەك پێویستە بێنەمەیدان و ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن، هەرچەند تا ئێستا خۆشبەختانە ژنان توانیویانە لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو بگێڕن، بەڵام ئەمڕۆ ڕەوشەکە جیاوازە و دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین و بە ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆمان هەستین.





# پێشمەرگەی وڵاتپارێز لە



■ کرێکار شاکر خۆی پێشمەرگەیە و بەمجۆرە باسی ورەبەرزی پێشمەرگە دەکات: «هەر لە ڕۆژی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی شەڕی دوژمنانی کوردستان، بەڕێز کاك نەجات وەکو بەرپرسی لق و پێشمەرگەکانی فەرماندەیی هەولێر ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە پاراستنی ئەو ناوچانەدا، هەروەها بە پاڵپشتی سنووری کەندێناوە هەڵساین بە بەرگریکردن لەو سنوورەدا، کە هەموومان لە ژێر فەرمانی سەرۆك بارزانی بە هەموو توانامانەوە کارمان کرد و توانیمان ئەو سنوورانەی زوورگەزراو و قەرەچوغ بپارێزین، ئێمە سوپاسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین، ئێستاش پێشمەرگە ورەی زۆر بەرزە و دەتوانێ هەر دوژمنێکی کوردستان تێکبشکێنێ و لەناویان ببات».



# ڕوانگەی هـــاووڵاتییانەوە



■ کۆســـرەت رۆژبەیانی، پێشمەرگەیەکی دیکەی ئەم کوردستانەیە و ئەویش تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «سەربەرز و سەرفرازم، وەك پێشمەرگەیەك بەرگری لە خاك و نیشتمانم دەکەم بۆ ئەوەی هیچ هێز و لایەنێك نەتوانێ پەنجە بۆ کوردســـتان درێژ بکات»، دەشـــڵێ: « لە ئێستادا پێشـــمەرگە لەوپەڕی ورەبەرزیدایەو ئامادەیە بەرامبەر هەر هێزێك هەرچەند گەورەش بێت بوەســـتێتەوەو تێکی بشکێنێت». ئەو پێشمەرگەیە هاوکاری و سۆزی هەموو چین و توێژەکانی کوردســـتان بەرزدەنرخێنێت و دەڵێت: ئەوان بوون بە ســـووتەمەنی بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و پێشمەرگەش بە پشتیوانی میللەتی خۆی پشتی تیرۆر و تیرۆریستان دەشکێنێت».



■ گۆران قادر وەك هاووڵاتییەك دەڵێت: «رۆڵی پێشمەرگە زۆر بەرز و کاریگەرە، دەبێ ستایشی بکەین، چونکە ئەمن و ئاسایشـــی کوردســـتان دەپارێزێ، لە سایەی پێشـــمەرگەدا کاری خۆم بە جوانی دەکەم و ژیانم خۆشە و سەربەســـتم، ئەگەر رۆژێك پێویست بکات ئامادەم وەك برا پێشـــمەرگەکانم بچمە بەرەکانی سەنگەر و لەمێژە ئەو قسەیەشم کردووە و بەڵێنی خۆم داوە».



■ ئەســـعەد خەیات بە هەموو جۆرێك پاڵپشتی پێشمەرگە دەکات و دەڵێت: «پێشمەرگە جوانترین نموونە و دیاری خودای گەورەیە، شـــانازی بە پێشـــمەرگە دەکەم و ئێمەش هەموومان پێشمەرگەین و هەر یەکەو بە کاری خۆمان خزمەت بە کوردستان دەکەین».

